# نامەیەک

**ئا: سەرنووسەر**

*** لە (محەمەد عومەر عوسمان) (١)ـەوە بۆ ئازاد عەبدولواحید**

برای بەڕێزم کاک ئازاد.. سڵاو و ڕێز.. نازانم چیت بۆ بنووسم، هەندێ سیفات لە تۆدا ئەبینم، مایەی خۆشبەختیمە (٢) و هەندێکی تریش نازانم بڵێم چی (٣).. هەندێ شت بیرکردنەوەی من و تۆ کۆ ئەکاتەوە (٤).. باسی غوربەتی خۆمت بۆ ناکەم، باسی تەنیایی خۆم ناکەم، خەمی ئەم کەونە بەسەر شانی منەوەیە (٥) و کەس نازانێ چۆن ئەژیم، چۆن بیر ئەکەمەوە. (٦) ڕەنگە کەمێ من بناسی (٧)، بەڵام بمناسی و نەمناسی هیچ لە ژیانی من ناگۆڕێ.. من زیندووی مردووم (٨).. من تاکە شتێ، ترووسکەیەک لە ژیانما، خۆشەویستی هونەرە، (١٠) هەرچەندە تا ئێستا هیچم نەکردووە بە هیچ (١١)، بەڵام هەر ئەبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان شاکارێ بنووسم شان بدا لە (شانی) شاکارەکانی دیستوفسکی (دەستەیڤسکی)، ئەم قسەیەش لە خۆڕایی ناکەم (١٢)، ئەترسم پێکەنینت بێ، بەڵام بەلامەوە ئاساییە.. نامەوێ لەسەر ئەم مەسەلەیە بڕۆم (١٣) و ئێستاش لە چایخانەیەکی بەسرەدا ئەم نامەیەت بۆ ئەنووسم (١٤). ئەمەوێ دەربارەی ئەو شیعرانە بدوێم کە لاتە (کە لەلاتن) (١٥). من شاعیر نیم، بەڵام ئەو شیعرانەش خوێنی دڵ و گیانمە (گیانمن) (١٦)، حەزم ئەکرد تۆ بیکەی (بیانکەی) بە کۆڕێ و لەسەری (لەسەریان) بنووسی (١٧). خۆ ئەگەر مەسەلە ئەوەبێ حەز بکەم خەڵک لەسەر ئەو شیعرانە بنووسێ (بنووسن)، خەڵک زۆرە (١٨)، بەڵام من ئەوەی لە بیرکردنەوەی تۆدا ئەیبینم، لای خەڵکی تر زۆر کەم ئەیبینم (١٩). گریمان لەسەرت نووسی (ن)، هیچ شتێ لە ژیانی من ناگۆڕێ (٢٠)، بەڵام هاوڕێ لە کاتێکدا هەزاران شتی قۆڕ بەناوی شیعرەوە بڵاو ئەبێتەوە (ئەبنەوە) (٢١) و منیش هەرچەندە پیشەم شیعرنووسین نییە (٢٢)، بەڵام لەم چەند شیعرەدا، هەوڵم داوە دەنگێکی تایبەتی خۆمم هەبێ (٢٣)، ئەمەیە وام لێ ئەکا حەز بکەم ئەو شیعرانە بڵاوبێتەوە (ببنەوە) (٢٤). نازانم چی بوو پاڵی پێوە نام ئەو نامەیەت بۆ بنووسم (٢٥). هەر چۆنێ بێ بڵێم چی (٢٦).. خۆشیت ئاواتمە.. سڵاو و ڕێزم بۆ کاک شێرزاد حەسەن (٢٧).

**ئیمزا**

**برات**

**محەمەد عومەر عوسمان**

**بەسرە — ١٩٨١/٧/١٣**

**پەراوێزەکان:**

(١) محەمەد عومەر عوسمان، کە ئەو نامەیەی پێش پتر لە (٤٤) ساڵ، لە بەسرەوە بە پۆست بۆ ناردبووم، چەند مانگێک بوو عێراق چووبووە ناو شەڕێکی خوێناویی ماڵوێرانکەرەوە کە (٨) ساڵی خایاند، لەو هەشت ساڵەدا نزیکەی دوو ملیۆن مرۆڤ لە هەردوو وڵاتی عێراق و ئێران لە هیچو خۆڕایی کوژران و کەم ئەندام و سەقەت بوون و بە هەزارانیش بەدیل گیران، کە تا ئەمڕۆش چارەنووسی سەدان و هەزاران کەس نادیارە، کەسوکاریان نازانن کوڕەکانیان کوژراون، یان بەدیل گیراون. محەمەد عومەر عوسمان کە لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٧ بووە، بە تەمەن ساڵێک لە من گەورەتر بووە، لە دایکبووانی ئەو ساڵە زۆر نەگبەت بوون و زوو زوو بە یەدەگ دەبرانە سەربازی، کە برانە ئەو شەڕە خوێناوییەوە، ژیانیان لە مەترسیدا بوو، ئەو بەرەی شەڕی بەسرەیە، لەو ساڵی یەکەمەی خۆیدا، بەرەیەکی زۆر گەرمی شەڕ بوو، ئەو شاعیرە هاوڕێیەم کە بە یەدەگ گیرا، بردیانە بەرەی (بەسرە)وە و لەوێ سەرباز بوو، لە هەموو سەردانەکانیدا کە بە مۆڵەت دەگەڕایەوە سلێمانی، یەکدیمان دەدی و پێکەوە بووین، بە یەکەوە دادەنیشتین و پیاسەمان دەکرد، زۆر بە گەرمی و بە کەفوکوڵەوە باسی ئەدەبیات، بە تایبەتی شیعرمان دەکرد، زیاتر ئەو پرسیاری دەکرد و منیش بیروڕا و بۆچوونی خۆمم لە بارەی شیعرەوە بۆ باس دەکرد، زۆر چاک لەبیرمە ئەو کاتانە و پێشتریش بە زۆر شاعیری گەورەم ئاشنا کرد، لەوانە شاعیرە گەورەکانی عەرەب ئەدۆنیس و بەدر شاکر سەییاب و عەبدولوەهاب بەیاتی و حسەین مەردان و ... و ... هەروەها شاعیرانی وەک ڕامبۆ و ڤرلین و مالارمێ و بۆدلێر و... تاد.

(٢) محەمەد عومەر عوسمان نووسیویەتی: (هەندێ سیفات لە تۆدا ئەبینم، مایەی خۆشبەختیمە)، ڕاستییەکەی ئەو ڕێکەوتەی نامەکەی تێدا نووسیوە کە ١٩٨١/٧/١٣ـە، ئەو کاتە من لاوێکی تەمەن (٢٣) ساڵان بووم، نزیکەی (٣) ساڵێک بوو ڕووم کردبووە شاری سلێمانی، هێشتا ژیانی خێزانیم پێک نەهێنابوو، بەڵام هەر لە یەکەم ساڵ و لە مانگەکانی سەرەتای چوونم بۆ شاری سلێمانی، لە کۆڕێکدا کە لە باخچەی یەکێتیی نووسەرانی کورد – لقی سلێمانی گیرا، من (محەمەد عومەر عوسمان)م ناسی، ئەو کۆڕە بۆ (٣) لاوی چیرۆکنووس تەرخان کرابوو، کە یەکێکیان محەمەد عومەر عوسمان بوو، کە کۆڕەکە تەواو بوو، هاتە لام و بە یەکتر ئاشنا بووین، دیار بوو ئەو پێشتر منی دەناسی، چونکە چەندان وتار و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە و ڕەخنەم لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردبووەوە، منیش یەکەم جارم بوو لەو کۆڕەدا بینیم و ناسیم، کە بابەتەکەی خۆی لەگەڵ دوو هاوڕێکەی



بەناوی چیرۆکەوە خوێندەوە، هەر یەکسەر و دوای تەواوبوونی کۆڕ و یەکتر ناسینەکە، سەبارەت بە چیرۆکەکەی داوای زانینی بیرورای منی کرد، منیش ڕاشکاوانە ئەوەم لە دەستی ناو پێم گوت، برای باش ئەوەی تۆ خوێندتەوە چیرۆک نەبوو، زیاتر پەخشان، یان ئەوەی عەرەب پێی دەڵێن (خاطرة) و لەم جۆرە بابەتانەیە، بەڵام زمانی نووسینەکەت پاراو و ڕەوانە، هەستێکی شیعریی جوانی تێدابوو، ئەوەی پێشکەشت کرد بنەماکانی هونەری کورتە چیرۆکی تێدا نییە، بۆیە ئەگەر شیعر بنووسیت و سوود لەو زمانەت وەربگری، ئەوە دڵنیام بە بەردەوامبوون و کەڵەکەبوونی ئەزموون و تێپەڕینی کات، شیعری باش دەنووسی، ئیتر هەر ئەو سەرەتایە بوو کە من و ئەم شاعیرەی کردە دوو هاوڕێی لە یەکتر نزیک و زوو زوو لە ئوتێلی کاوە کە لە شەقامی کاوە بوو، پاشان ئوتێل بابان و ئوتێل فەرهاد کە هی خاڵی هونەرمەند نەهرۆ ساڵح دەلۆیی بوو، دواتریش کە لەگەڵ هاوڕێ هەولێرییەکانم: (تەڵعەت یاسین، جاسم غەفوور، شێرزاد حەسەن) خانوومان لە گەڕەکی مەجید بەگ گرت، یان دواتر لە چایخانەی شەعب، چایخانەی کاروخ (موراد)، چایخانەی قەڵادزەییەکان یەکترمان دەدی، هاوڕێیەتییەکەمان بەردەوام بەهێز دەبوو، بۆیە ئەگەر ڕۆژانە نەمدیبا، ئەوە بە دوو سێ ڕۆژ جارێ دەمبینی.

(٣) محەمەد عومەر عوسمان نووسیویەتی: {هەندێکی تریش (واتە سیفاتەکانی من) نازانم بڵێم چی}. من هەر لەو ڕۆژەوەی لێی نزیک بوومەوە، هەندێ خەسڵەتم تێدا بەدی کرد، لە سەرووی هەموویانەوە (ڕاستگۆیی) و (سەرڕاستی) بوو، کەسێکی زۆر ڕاشکاو بوو، قسەی دڵی و قسەی زمانی زۆر لە یەکەوە نزیک بوون، لە پاڵ ئەوەشدا زۆر زوو هەڵدەچوو، بە دەم تووڕە بوون و هەڵچوونە بەردەوامەکانی قسەی دەکرد و تەسریحاتی گەورە و زلی دەدا، بیروڕای خۆی لە بارەی کەسەکانەوە، بە تایبەتیش شاعیر و نووسەرە ناسراوەکانەوە دەدا، ئەو خەسڵەتەش زۆر بە خراپ لەسەری دەشکایەوە، چونکە کەسەکان قسە و بیروڕاکانی ئەویان دەبیستەوە، ئەوانەی وەک پۆستەچیش قسەکانیان بۆ خاوەنەکانیان دەگوێزایەوە، قسەی زیاتریان پێوە دەنا و بە ئارەزوو و ئیشتیهای دڵی خۆیان، قسەی دیکەیان لێ زیاد دەکرد، بۆیە ئەوانیش بەرانبەری تووشی بەرچەکردار دەبوون، ئەگەر ڕاستەوخۆ ئازاری فیزیکیشیان پێ نەگەیاندبێ، بەڵام شەڕی دەوونییان لەگەڵ دەکرد و لە هیچ شوێنێک قسەی خێر و باشیان بۆ نەدەکرد، هاوکارییان نەدەکرد، نەیاندەهێشت دەستی لە نانێک گیربێ، ئەویش بەو ڕەفتارەیان ئەوەندەی دی دەهری و تووڕە دەبوو، بۆیە زۆرتر سەری نابوو بە منەوە، تا ماڵم نەبوو لە دایرە، لە چایخانەکان، لە یانەی شەوان، لە بەردەمی کتێبخانەکان، لە پیاسەکردنی بەردەوامی ئێواران بە شەقامی (تووی مەلیک)دا پێکەوە بووین و دەمدی، لەگەڵ ئەوەی هەمیشە دڵنەواییم دەکرد و نازم دەکێشا، زۆربەی جارەکانیش ڕەخنەم لێ دەگرت، هەندێ جار ڕەخنەی توندیشم لێ دەگرت کە دەست لە هەندێ خوو و خەسڵەتی خۆی هەڵگرێ، تەنیا خەریکی خوێندنەوە و نووسینی شیعری خۆی بێ و هەقی بەسەر قسەی کەسەوە نەبێ، بە تایبەتی کەسانێکی زۆریش کە دەیانزانی بەهرە و تواناییەکی باشی هەیە، یان خاڵی لاوازی چییە، سەریان دەکردە سەری و زیاتر تووڕەیان دەکرد، بۆیە ئەو ڕەخنە و ڕێنماییانەی منی پێ خۆش نەبوو، هەر ئەوەش بوو وای لێکرد ئەو دێڕەم بۆ بنووسێ، بە تایبەتی لەو کاتانەدا کە سەرەتای یەکتر ناسینمان بوو، چونکە دواتر کە ماڵ و منداڵم هەبوو، ئەو زۆرتر لە ماڵەوە هاموشۆی دەکردین، نەک هەر خێزانم،

بگـره ئاشـنایەتی و هاوڕێیەتـی لەگـەڵ ژنبراکانیشـم (شـوان، کاروان، مەریـوان، میـران) پەیدا کـرد و زۆر لـە شـەوەکانیش لـە ماڵـی ئێمـە دەمایـەوە، ئـەو زۆر تالیبـی خـواردن، بـە تایبەتـی خواردنـی خـۆش و ئـەو جـۆرە شـتانە نەبـوو، بـەڵام زۆر عاشـقی (چـا) و (جگـەرە) بـوو، زیـاد لـە پێویسـت جگەرەی دەکێشـا، ئەوەنـدە جگـەرەی دەکێشـا، نێوانـی پەنجەکانـی، سـمێڵی زەردهەڵگەڕابـوون، بەهـۆی جگەرەکێشـانەوە ئیشـتیهای نـان خواردنیشـی نەمابـوو، لـچ و لێـوی وشـک هەڵاتبـوون و قاوەیـی بووبـوون. بـە تـەواوی هۆگـر و متـووی ئێمـە بووبـوو، منیـش لەبـەر ئـەوەی هەمـوو ڕۆژ دەوامـی دایرەمـان هەبـوو و نەدەکـرا دوا بکـەوم، یـان لـە دەوامـی ڕۆژانـە ئامـادە نەبـم، بۆیـە زۆر شـەو بـە یەکێـک لـە ژنبراکانـم دەسـپارد کـە ئـەوان بـێ ئیـش بـوون و خەویـان نەدەهـات، درەنگـی شـەو داوام لـێ دەکـردن، ئیزنـم بـدەن بچـم بخـەوم، بۆیـە ئـەو قسـەیەی ئەوسـا، لـە سـاڵی ١٩٨١/٧/١٣ بـۆی نووسـیوم، وەک زۆر لـە بیـروڕا و قسـەکانی دیکـەی کـە بـە هەڵەشـەیی و بـە پـەل پـەل دەیـدان، لێـی پەشـیمان بووبـووەوە، بەهـۆی لێـک نزیکبوونـەوەی زیاتریـش لێمـەوە، باشـتر منـی ناسـی و لـەوە تێگەیشـت کـە مـن بـۆ بەرژەوەنـدی ئـەو، هەنـدێ قسـەم کـردووە تـا دەسـتبەرداری ئـەو خەسـڵەتانەی بـێ کـە زیانـی پـێ دەگەیانـد.

(٤) دەڵـێ: (هەنـدێ شـت بیرکردنـەوەی مـن و تـۆ کـۆ ئەکاتـەوە)، لـە یەکتـر تێگەیشـتن و دۆزینـەوەی زمانێکـی هاوبەشـی نێـوان دوو کـەس، پێویسـتی بـە کاتێکـی زۆرە، بۆیـە زۆر باشـە کـە لـەو سـەرەتایەوە (هەنـدێ شـت) مـن و ئـەوی کۆکردووەتـەوە، بـەڵام دوای سـاڵانێکی زۆر، لـە پـاش ئـەوەی بـە باشـی لەنیەتـی مـن تێگەیشـت، کـە بێجگـە لـە برایەتـی و هاوڕێیەتـی پـاک و دڵسـۆزی بـۆ داهێنـان و نووسـین و خوێندنـەوە، هیـچ شـتێکی دی ئێمـەی کۆنەکردووەتـەوە، کـە بینـی باوەشـی میهـر و برایەتـی و خۆشەویسـتیم بـۆ کردووەتـەوە، دەرگای ماڵەکـەی خـۆم بـۆ خسـتووەتە سەرپشـت، ئیتـر دوای ئـەوە زۆر بـە توندی و شـێلگیرانە داکۆکی لـە بیروڕا ڕەخنەیـی و هەڵوێسـتەکانم دەکـرد، دواتـر لـە کەسـانی دیکـەم دەبیسـتەوە کـە چـۆن قسـە لەسـەر مـن و نووسـینەکانم دەکات.

(٥) نووسـیویەتی: (باسـی غوربەتـی خۆمـت بـۆ ناکـەم، باسـی تەنیایـی خۆمـت بـۆ ناکـەم، خەمـی ئـەو کەونـە بەسـەر شـانی منەوەیـە و کـەس نازانـێ چـۆن ئەژیـم، چـۆن بیـر ئەکەمـەوە)، محەمـەد عومـەر عوسـمان، نـەک بـە خوێندنـەوە و قووڵبوونـەوە لەناو لاپەڕەکانی فیکر و فەلسـەفەدا، بگـرە لەنـاو خۆیـدا بـە خۆرسـک مرۆڤێکـی نامـۆ بـوو، کـە ئـەو جـۆرە نامۆبوونـە لـە فەلسـەفەدا بـە نامۆبوونـی ئەنتۆلـۆژی – وجـوودی دەناسـرێ. ئـەو جـۆرە هەسـتی نامۆبوونـە لەنـاو ماڵەکـەی خۆتـدا، لـە نـاو کـۆڕ و کۆمـەڵ، لەنـاو هـاوڕێ و هاوشـاریانی خـۆت، لـە هـەر شـوێنێ بی هەسـتی غوربـەت و تەنیایـی داگیـرت دەکات، بـە حوکمـی ئـەو هەمـوو سـاڵەی کـە زۆر لێشـیەوە نزیـک بـووم، ئەگـەر بیشیویسـتبا باسـی (غوربـەت) و (تەنیایـی) خـۆی بـۆم بـکات، نەیدەتوانـی باسـی بـکات، چونکـە ئـەو (غوربـەت) و (تەنیایی)یـە، زیاتـر لـەلای ئـەو ئیحسـاس بـوو، کـە نەیدەتوانـی بـە نووسـین، یـان بـە قسـە گوزارشـتیان لـێ بـکا و دەریـان ببـڕێ، بۆیـە ئـەو تەنیـا هەسـت دەکات کـە (خەمـی ئـەو کەونـە بەسـەر شـانی) ئەوەوەیـە، دەیـەوێ وەک هاودەنگێکـی نالـی بڵـێ (نەوعـە ئینسـانێ هەیـە خـەم قوتییـە، مـن خەمـی خـۆم و خەمـی هەمـوو عالـەم دەخـۆم).

(٦) دەڵـێ: (کـەس نازانـێ چـۆن ئەژیـم، چـۆن بیـر ئەکەمـەوە)، مـرۆڤ تـا نەچووەتـە نـاو دنیـای خوێندنـەوەوە و قەڵەمـی بـە دەست نییـە، ئەگـەر

خاوەنـی گەورەتریـن ئـازار و کـۆژان و بەدبەختـی و ئەزموونـی ژیانیش بـێ، ناتوانـێ وەک کەسـێکی قەڵـەم بـە دەسـت ئـەو ئـازار و ئەندێشـە و دڵشـکان و بەدبەختیانـەی خـۆی بهۆنێتـەوە و بینووسـێتەوە، لەنـاو ئـازاری خـودی خۆیـدا، کـە حاڵەتێکی تایبەتییـە، ناتوانـێ حاڵەتێکی گشـتی دروسـت بـکات و بخوڵقێنـێ، بۆیـە گـۆران واتەنـی (هێـزی ئینشـا)ی نییـە، بـەڵام کاتـێ محەمـەد عومـەر عوسـمان دەسـتی قەڵـەم دەگـرێ و خەریکـە هێـزی ئینشـایەک پەیـدا دەکات، ئیتـر نازانـم بۆچـی ئەوەنـدە خـۆی بـە دەسـتەپاچە و دەستەوسـتان دەبینـێ و ناتوانـێ بـە کەسـانی دی بڵـێ (چـۆن دەژی) و (چـۆن بیـر) دەکاتـەوە؟

(٧) نووسـیویەتی: (ڕەنگـە کەمـێ من بناسـی)، مـن لـەو بـاوەڕەدام نـەک بـە نزیکـەی (٢ – ٣) سـاڵ، بگـرە یـەک یەکتربینیـن بـەس بـوو بـۆ ئـەوەی محەمـەد عومـەر عوسـمان بناسـی، چونکـە ئـەو کەسـێکی بـێ پێچوپەنـا و غەلوغـەش بـوو، کەسـێکی شـاراوە نەبـوو، بەڵکـوو سـفرەیەکی کـراوە بـوو، لـە چەنـد سـەعاتێکدا هەمـوو وردەکارییەکانـی ژیانـی خـۆی و خانەوادەکـەی و ئاسـتی گوزەران و خەمەکانـی بـۆ بـاس دەکـردی، خەمـی زۆر گـەورەی ئـەو، (کارزان)ی بـرای بـوو، کـە بـە (کارە) نـاوی دەبـرد، ئـەو برایـەی کـە زۆر خـۆش دەویسـت، کـەم ئەنـدام بـوو، هەمیشـە لـە بیـر و خەمـی ئـەو دابـوو، هـەردەم نـاوی بەسـەر زمانییـەوە بـوو، کەسـێکی زۆر هەسـتیار – حەسـاس بـوو، قسـەیەکی بچووکیـان لـە بەرانبـەری بکردایـە، دەیگرتـە دڵ و زۆر خەفەتـی پـێ دەخـوارد، هـەر دەیگـوت و دەیگوتـەوە و شـەو و ڕۆژێـک پێیـەوە دەتلایـەوە.

(٨) دەڵـێ: (بـەڵام بمناسـی و نەمناسـی هیـچ لـە ژیانـی مـن ناگـۆڕێ، هیـچ لـە مردنـی مـن ناگۆڕێ)، ئـەم دەربڕینـەش هـەر هەسـتکردن بـوو بـە بێهوودەیـی ژیـان، بـەڵام بـە شـێوە خۆڕسـکەکەی، واتـە بـە فیتـرە عەبەسـی بـوو، بۆیـە بەرانبـەر بـە ژیـان بێبـاک بـوو، لەبـەر ئـەوەش بـوو بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکانـی هەوڵـی نـەدەدا. لـە پۆلـی شەشـی ئامادەیـی چەقیبـوو، حـەزی نەدەکرد تێهەڵچێتـەوە و خوێندنەکـەی تـەواو بکا، جارێـک قسـەیەکی ڕامبـۆی شـاعیرم بـۆ هێنایـەوە، زۆر زۆری پـێ خـۆش بوو، زۆر بـە قسـەکەی ڕامبـۆ سەرسـام بـوو، کـە بـە عەرەبـی لەبـەرم بـوو پێـم گـوت (من العار ان تبلى ملابسنا بمقاعـد الدراسـة – واتـە شـوورەییە جلەکانمـان لەسـەر تەختـە (ڕەحڵـەی) خوێنـدن کـۆن بکەیـن و بدڕێنیـن)، بۆیـە ڕامبـۆ (١٨٥٤ – ١٨٩١) کـە لـە سـەرەتاوە لـە قوتابخانـەدا زۆر زیـرەک و سـەرکەوتوو بـوو، بـەڵام لـە دوا قۆناغـی هەرزەکاریـدا دەسـتی لـە خوێنـدن هەڵگـرت و لـە کاتـی جەنگـی نێـوان فەرەنسـا- پرووسـیا، لـە شـارلفیل- ـەوە بـەرەو پاریـس ڕایکـرد، ئیـدی محەمـەد عومـەر عوسـمان چەنـد جارێـک ئـەو ڕستە عەرەبییـەی پـێ دووبارە و سـێ بـارە کردمـەوە. لـەو ڕۆژەوە کـە ئـەو شـاعیرەم تێـدا ناسـی، هـەر جارێکـی بمدیبایـە، پێـی دەگوتـم (پرۆژەیەکـی خوێندنـەوەی گـەورەم بـە دەسـتەوەیە)، بـەڵام ئـەو پـرۆژەی خوێندنـەوە گەورەیـەی هـەر دەسـت پـێ نەکـرد، زیاتـر وەک خەونێـک لـەلای مایـەوە و پێـی جێبەجـێ نەکرا. ئـەو وەک وەچـەی خـۆی عەرەبییەکـەی بـاش نەبـوو، بۆیـە داوای لـێ دەکـردم لەسـەر ئەلبێـر کامـو قسـەی بـۆ بکـەم، کـە یەکـەم جـار بـۆم بـاس کرد، سـەرەتا هەوڵـم دا وشـەی (عەبـەس – عبث) و عەبەسـیەتی بـۆ ڕوون بکەمەوە، قسـەکەی د. عەبدولغەفـار مـەکاوی-م بـۆ دەهێنایـەوە کـە لـە کتێبـە بـە نرخەکەیـدا سـەبارەت بـە کامـو نووسـیویەتی، ئـەو نووسـەرە کـە فەرەنسـییەکەی زۆر بـاش بـوو، لـە کتێبەکەیـدا نووسـیویەتی وشـەی عەبـەس لـە وەرگێڕانەکانـی دیکـەدا، بەرانبـەرە بـە وشـەی (مەحـاڵ)، هەوڵدانـی مرۆڤ بـۆ گەیشـتن بـە

(مەحاڵ)، بۆ خۆی هەڵکشانی ئادەمزادە و بەرەو لووتکە بەرزەکانی دەبات.

(٩) نووسیویەتی: (من زیندووی مردووم)، کە ئەوەم بۆ باس دەکرد، من لە زۆر شوێندا لە بارەی کامو خوێندوومەتەوە، پێی دەڵێن کەسێکە لەگەڵ خۆی ڕاست نەبووە، چونکە کە لە کتێبەکانیدا باسی (خۆکوشتن)ی کردووە، ئەو خۆی نەکوشتووە، تەنانەت بڕیاریشی نەداوە خۆی بکوژێ، ئەگەر بە هۆی ڕووداوی ئۆتۆمبێلەوە نەبووایە کە خۆی بەستوونێکدا کێشاوە و مردووە، بە بڕیاری پێشوەختە، خۆی نەدەکوشت. من ئەو قسانەم بۆ محەمەد عومەر عوسمان دەکرد، تا بیرۆکەی خۆکوشتن لەسەری دەرکەم، بەڵام جارێکیان لەگەڵ (فاتیح عیزەددین)ی شاعیر و هاوڕێی تەکسییەکیان گرتبوو پێکەوە بچنە ئەزمڕ، گوایە ڕاوێژ و تەگبیریان کردبوو بچن لەوێ خۆیان بکوژن، بە ڕێکەوت شوفێرەکە لە لێخوڕیندا لاوێکی هەڵشە بووە، زۆر بە خێرایی ماشێنەکەی لێ خوڕیبوو، ئەوانیش هاواریان لێ هەستا بوو و پێیان گوتبوو هێواش هێواش لێخۆڕە کاکە، سەرمان بە فەتارەت مەدە، جارێ ئێمە بوخچەی نەکراوەین، ئەوە باشترین بەڵگەیە کە محەمەد عومەر عوسمان و زۆر کەسی دی لەناو هاوڕێکانی، ڕووکەشانە لە فەلسەفەی وجوودی و عەبەسی تێگەیشتبوون، توێکڵەکەیان وەرگرتبوو، زۆر لە ناوەرۆک و جەوهەری فەلسەفەکەیان نەکۆڵیبووەوە و تێی نەگەیشتبوون.

(١٠) دەڵێ: (من تاکە شتێ، تاکە تروسکەیەک لە ژیانما، خۆشەویستی هونەرە)، بۆ خۆم ئەو شایەتی و گەواهییەی بۆ دەدەم کە زۆر عاشقی ئەدەبیات بوو، حەزی لە فێربوون بوو، زۆر شیعری خۆش دەویست، بەڵام هەمیشە بە قسە و تەسریحاتی زۆر، ئیحساسی شیعریی خۆی دەمراند و بەهرەکەی خۆی سنووردار و بچووک دەکردەوە، ئەو بەهرە و ئیحساسە گەورەیەی خۆی بە خوێندنەوە و ڕۆشنبیریی سەردەم پەروەردە بکردایە، دەیتوانی زۆرتر بنووسێ و دەقی جوانتری هەبێ.

(١١) نووسیویەتی: (من تا ئێستا هیچم نەکردووە بە هیچ)، هەر ئەو ڕستەیە بەسە بۆ ئەوەی بڵێین خەون و ئاواتی گەورە و زۆری هەبوو، بەڵام ئەو هەستکردنەی کە هیچی بە هیچ نەکردووە و خەوبینین بەوەی کاری گەورە بکا، ئەوە بۆ خۆی ڕەنج و شەونخوونی زۆری دەویست، داخەکەم محەمەد عومەر عوسمان (نیگەرانی – قلق)ی زۆر، گرفتی ڕۆژانە و نزیکی لە کەسە سلبییەکان داگیریان کردبوو، قسەی زۆر و گوێگرتن لە قسەی ئەم و ئەو، زۆر بە نەرێنی کاریان کردبوو سەری، بە یەک تاکە وشە، بە ڕستەیەک دەقوپایەوە و تێک دەشکا، بۆیە ماوەیەکی زۆر ئەو (وشە) و (ڕستە)یەی دەگوتەوە، دیاربوو زۆر بە خراپی کاریگەری لەسەر ئیحساسی بەجێهێشتبوو، نیگەرانییەکەشی کە یاوەر و هاوڕێی هەمیشەیی بوو، قەڵەمی دەست و ئەژنۆی شکاندبوو، ناخ و دەروون و ڕۆحی ئەویان ئازار دەدا و بە بچووکترین شت دەتلایەوە و خەو و خۆراکی لێ حەرام دەکرد.

(١٢) نووسیویەتی: {بەڵام هەر ئەبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان شاکارێ بنووسم شان بدا (لە شانی) شاکارەکانی دیستوفسکی (دەستویڤسکی)، ئەم قسەیەش لە خۆڕایی ناکەم}، وەک پێشتر گوتم خەونی ڕەنگاوڕەنگی گەورەی دەبینی، بەڵام ئیشی بۆ بەدیهێنانی خەونە گەورەکانی نەدەکرد، ئەو کاتێک ئەو قسەیەی بۆ نووسیوم، تا ڕۆژەکانی دوادوایی ژیانیشی نەیتوانی شاکارەکانی دەستەیڤسکی بخوێنێتەوە، چ جای شاکارێ بنووسێ شان لە شانی شاکارەکانی ئەو بدات،

هەروەها نووسیویەتی: (ئەو قسەیەش لە خۆڕایی ناکەم)، ڕۆژگار دەری خست و سەلماندی کە قسەکەی (لە خۆڕایی) کردووە، چونکە بێجگە لەو چەند شیعرەی کە لەلای من بەجێی هێشتن، ئیدی چ ئەوسا و چ دواتر، هیچی دیکەی بەرهەم نەهێنا.

(١٣) دەڵێ: (ئەترسم پێکەنینت بێ، بەڵام بەلامەوە ئاساییە.. نامەوێ لەسەر ئەو مەسەلەیە بڕۆم)، خۆشی دەیزانی داهێنان بە قسەی زل و تەسریحاتدان نایەتە دی، ئەوانەی داهێنی گەورەن و لە مێژوودا بە گەورەیی ماون، ئەوانەن کە بە هێمنی کاری گەورەی خۆیان کردووە، کەس بە قسەی گەورە و تەسریحدان نەبووەتە خاوەنی شاکاری گەورە، ئەویش منی باش ناسیبوو کە پێکەنینم بەو جۆرە قسانە دێ، هەر پێکەنینەکەی من ڕاست دەرچوو، قسەکانی دی هیچیان نەچوونە گیرفانەوە و بەروبوومێکیان نەبوو و نەهاتنە دی.

(١٤) نووسیویەتی: (ئێستاش لە چایخانەیەکی بەسرەدا ئەم نامەیەت بۆ ئەنووسم)، ئەوە ئەو کاتەیە کە چەند مانگێک بوو شەڕی نێوان عێراق — ئێران دەستی پێکردبوو، ئەو کاتە لە دایکبووانی ساڵی ١٩٥٧ بە یەدەگ برانە خزمەتی سەربازییەوە، دوای ناردنی ئەو نامەیە و گەڕانەوەی بۆ سلێمانی، لەبیرمە لە یانەی مامۆستایان دانیشتبووین، پێی وتم لە بەسرە شیعرێکم بۆ تۆ نووسیبوو، بە داخەوە ونم کرد و نازانم کەوتە کوێوە، هەر ئەو کاتە بوو، لەو دانیشتنەدا پێم وت نەچێتەوە بۆ سەربازییەکەی، با لەو سەنگەرەدا نەکوژرێ، چونکە بە ئاوی پیازیش بۆی نانووسرێ، هەروەها پێم گوت لە سەربازی ڕابکە و بچۆرە شاخ، ئەگەر مردنیش بێ، با لە سەنگەری میللەتی خۆتدا بمری. وتی دوای ماوەیەکی دی هەروای لێ دەکەم، دوایی هەرواشی کرد.

(١٥) دەڵێ: {(ئەمەوێ دەربارەی ئەو شیعرانە بدوێم کە لەلاتە (کە لەلاتن)}، لەبیرمە ئەو شیعرانەی لە سجلێکی سووری (١٠٠) پەڕەیی بە دەسخەتی خۆی، بە قەڵەم جافی ڕەش نووسیبووەوە، پێش ئەوەی بڕواتە سەربازی، دایە من و داوای لێکردم بیانخوێنمەوە و سەرنج و تێبینییان لەسەر بنووسم، سەرپشکی کردم لە کوێ پێویستی کرد دەستکاریشیان بکەم، منیش لە زۆر شوێندا کە پێویستی کردبێ، دەستکاریم کردوون.

(١٦) نووسیویەتی: {من شاعیر نیم، بەڵام ئەو شیعرانەش خوێنی دڵ و گیانمە (گیانمن)}، ئەو کە دەڵێ من شاعیر نیم، ئەوە نواندنی خاکەڕایی و سادەیی خۆیەتی، دەنا بەو شیعرانە کە پێشتریش لە کاتی بڵاوبوونەوەی هەندێکیان، یان کە خۆی ئەوانی دیکەی بۆ خوێندبوومەوە، گەیشتبوومە ئەو قەناعەتەی لەناو هاوڕێ شاعیرە هاوتەمەنەکانی خۆی، شاعیرێکی جیاوازە، کە دەشنووسێ ئەو شیعرانەش (خوێنی دڵ و گیانمە)، دیسان زۆر ڕاست دەکات، چونکە زۆر ڕاستگۆیانە گوزارشتی لە ناخ و دڵ و دەروونی خۆی کردووە، ئەو کەمی دەنووسی، بەڵام جوان دەینووسی.

(١٧) دەڵێ: {حەزم ئەکرد تۆ بیکەی بە کۆڕێ و لەسەری (لەسەریان) بنووسی}، هەموو هاوڕێ و دۆستە دوورونزیکەکانم باش دەزانن، من لەوەتەی دەستم قەڵەمی گرتووە، ڕاستگۆیانە نووسیومە، قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان کاشی ماستاوم دابەش نەکردووە، بە ناهەق لەسەر کەسێکم نەنووسیوە بچووک بووبێ، من گەورەم کردبێ و فووم پێدا کردبێ، ڕاستە ئەو داوایەی ئەوم جێبەجێ نەکرد و شیعرەکانیم نەکرد بە کۆڕێک، یان دواتر کە داوای پێشەکی نووسینی لێ کردم، بۆم نەنووسی، بەڵام کە شیعرەکان لە دووتوێی کتێبێکدا بەناوی (لە غوربەتا) چاپ و

بڵاوکرانەوە، بە دووردرێژی لە دوو ژمارەی گۆڤاری بەیان لە بارەیانەوە نووسیم، بەشی یەکەمیان لە ژمارە (١٥٠)، لە کانوونی یەکەمی ١٩٨٨ و بەشی دووەمیان لە ژمارە (١٥٥)ی ئایاری ١٩٨٩دا بڵاوکرانەوە، ئەم نووسینە کە یەکەم بابەتە لە بارەی (محەمەد عومەر عوسمان)ـەوە نووسرابێ، دوایی بە زمانی عەرەبی گفتوگۆیەکم لەگەڵ کرد و بەناوی (ژیوار)، لە ڕۆژنامەی (العراق)دا بڵاوکرایەوە، هەر ئەو کاتە (٢) شیعریم وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی، بە ناوەکانی (صیاد غریق) کە لە ڕۆژنامەی (العراق) و شیعری (الفاجعة) لە گۆڤاری (کاروان)دا بڵاوکرانەوە، پاشان لەسەر محەمەد عومەر عوسمان، لەگەڵ ڕاپۆرتنووسێکی داوودەزگاکانی بەعس، کە پەلاماری هەردووکمانی دا بوو، زۆر بە توندی وەڵامم دایەوە، دواتر بەهۆی ئەو نووسینە، باجێکی زۆر گەورەی پێ بژاردم.

(١٨) دەڵێ: (خۆ ئەگەر مەسەلە ئەوە بێ حەز بکەم خەڵک لەسەر ئەو شیعرانە بنووسێ (بنووسن)، خەڵک زۆرە)، دوایی کە کۆشیعرەکەی دەرچوو، دەرکەوت بە پێچەوانەوە خەڵک زۆر کەم بوون خۆیان لە قەرەی نووسین لەسەر ئەو شیعرانە بدەن، چونکە ئەو بوێرییەیان نەبوو، ئەمەش لەبەر دوو هۆکار بوو، یەکەمیان شیعرەکانی محەمەد عومەر کە سەرومڕ باسیان لە مردن و پاییز و گەڵاڕێزان و وەرین و تراژیدیا بوو، ئەوکاتە کەس نەبوو، یان زۆر دەگمەن و دانسقە بوون ئەوانەی وەک شیعر و ئەدەب شیعر بخوێننەوە، ئەوانە پتر بە ڕوانگەیەکی ئایدیۆلۆژیانە ئەو جۆرە شیعرانەیان بە (ڕەشبینی) و شیعری وجوودی و عەبەسی دەدایە قەڵەم، بۆیە بەلایدا نەدەچوون، یان تانە و تەشەر و پلاریان تێ دەگرت و ناو و ناتۆرەیان دوادەخست، یان سەرودڵیان دەگرت بەوەی بۆچی ئەوەندە شیعر بۆ پاییز دەنووسێ و شیعر بۆ بەهار ناڵێ. دواتریش کە کۆشیعرەکەی (لە غوربەتا) دەرچوو، تا من بوێریم نەکرد و لەسەریم نەنووسی، کەس زاتی نەکرد بەلایدا بڕوات.

(١٩) بۆیە دەڵێ: (بەڵام ئەوەی من لە بیرکردنەوەی تۆدا ئەیبینم، لای خەڵکی تر زۆر کەم ئەیبینم)، ئەوە باشترین وەڵام و پەنجە لەسەر دانانە کە بۆچوون و بیروڕا و بیرکردنەوەی منی لە هیی کەسانی دی جیاکردووەتەوە و پێی باشتر بووە، بۆیە دڵی بە نووسینی ئەوان خۆش نییە، ئەوەندەی مەبەستێتی من لە بارەی شیعرەکانییەوە بنووسم.

(٢٠) نووسیویەتی: (گریمان لەسەرت نووسی (نووسین)، هیچ شتێ لە ژیانی من ناگۆڕێ)، ئەو لەلایەک داوام لێ دەکا کۆڕێک لە بارەی شیعرەکانییەوە بگرم، لەلایەکیش دەڵێ (هیچ شتێ لە ژیانم ناگۆڕێ)، باوەڕیش ناکەم نووسین لەسەر کەسێک، هەر کەسێک و هەر نووسینێک بێ، ڕاستەوخۆ ژیانی کەسەکەی گۆڕیبێ.

(٢١) دەڵێ: {بەڵام هاوڕێ لە کاتێکدا هەزاران شتی قۆڕ بەناوی شیعرەوە بڵاو ئەبێتەوە (ئەبنەوە)}، چ پێشتر و چ ئەوسا و چ ئێستا، بەردەوام بەرهەمی کرچوکاڵ هەبووە و هەیە، بە تایبەتی (شیعر) کە هەموو کەس پێی وێراوە و نووسیویەتی، با ئەو شتانە بەناوی شیعرەوە بڵاوبووبێتنەوە، بەڵام ئەوەی بەناوی شیعرەوە بڵاوبوونەتەوە و بڵاو دەبنەوە، تەمەنیان زۆر کورت بووە و لەناو دنیای شیعری باش و داهێناندا، هیچ کاتێک جێگەیان نەبووەتەوە.

(٢٢) نووسیویەتی: (منیش هەرچەندە پیشەم شیعر نووسین نییە)، من کە لە نزیکەوە ئاگام لە ژیانی ڕۆژانە و هەموو شتێکی ئەو شاعیرە بوو، ئەو کاتە پێش شیعر نووسین، زۆر حەزی لە نیگارکێشان دەکرد، جار بە جاریش کورتە

چیرۆکـی دەنووسـی، کـە مـن بـۆ بەردەوامبـوون لەسـەر نووسـینی کورتەچیـرۆک هانـم نـەدەدا و ددانی خێرم پێدا نەدەنا، بۆیە لەو سەرەتایەوە نووسیویەتی (پیشـەم شـیعر نووسین نییـە).

(٢٣) دەڵـێ: (بـەڵام هەوڵـم داوە دەنگێکـی تایبەتـی خۆمـم هەبـێ)، ڕاسـتییەکەی هـەرواش بـوو، هەوڵـی داوە و هەوڵەکەشـی بـە فیـڕۆ نەچوو، توانی دەنگێکی جیاواز و تایبەتـی، لەناو هەمـوو هـاوڕێ شـاعیرەکانی وەچەکـەی خـۆی هەبـێ، ئەوەشـم بـە دووروودرێـژی لـە دوو نووسـینەکەی گۆڤـاری (بەیـان)دا ڕوون کردووەتـەوە، بۆیـەش بڕیـارم دا لـە بـارەی شـیعرەکانییەوە بنووسـم، چونکـە بـە دەرەوەتریـن دەنگـی شـیعری نـاو شاعیرە لاوە هاوتەمەنەکانی خۆی بـوو، دەتوانـم بڵێم ئەوکاتـە ئەوانی دی لـە چـاو ئـەو، سـەدا و پەراوێـز بـوون، بۆیـە کـە بینییـان ئـەو بایەخـەم بـە شـیعرەکانی دا، زۆریـان لـە مـن لالـووت بـوون، زۆر بۆڵـە بـۆڵ و قسـەیانم دەبیسـتەوە، تەنانـەت هەندێکیـان کەوتنـە وێـزەی شـاعیرەکەش، ئـەوە گوایـە هاوڕێشـیان بـوو، زۆر خـراپ قسـەیان لەسـەر دەکـرد و سـەروڵیان دەگـرت.

(٢٤) دەڵـێ: {ئەمەیـە وام لـێ ئـەکا ئـەو شـیعرانە بڵاوبێتـەوە (بڵاوببنـەوە)}، بێگومـان دوای ئـەوەی ماوەیـەک شیعرەکان لـەلام مانـەوە و زۆر لێیـان وردبوومـەوە و دەستیشـم تێـوەردان، من بـۆ چاپکردنـی شـیعرەکان، هاندەرێکـی سـەرەکی بـووم، بەڵێنیشـم پـێ دا دوای دەرچوونـی، بـە دووروودرێـژی لە بارەی کۆشیعرەکەیەوە بنووسم.

(٢٥) دەڵـێ: (نازانـم چـی بـوو پاڵـی پێـوە نـام ئـەو نامەیـەت بـۆ بنووسـم)، ناهەقـی نەبـوو ئـەوە بنووسـێ، چونکـە محەمـەد عومـەر عوسـمان لـە نامـە نووسـین و پێوەنـدی کۆمەڵایەتـی و ڕاگرتنـی هاوسـەنگیی هاوڕێیانـەدا، لـە ژیانیـدا کەسـێکی زۆر بێبـاک و کەمتەرخـەم و تەنبـەڵ بـوو، لەبـەر ئەوەیـە ژمـارەی هاوڕێیـە نزیکەکانـی زۆر کـەم بـوون، بـەو هەمـوو تەنبەڵییەشـەوە کـە ئـەو نامەیـەی لـە بەسـرەوە بـۆ نووسـیوم و ناردوویەتـی، ئـەوەش زۆر گرنگـە لـەو کاتـەدا نامـە و شـیعری بـۆ مـن نووسـیبێ، لـە کاتێکـدا هـەر خۆشـی پیـاوی موجامەلەکـردن و دیبلوماسـیەت نەبـوو.

(٢٦) دەنووسـێ: (هـەر چۆنـێ بـێ بڵێـم چـی)، ئەو لـە نامەکەیدا هەمـوو شتێکی گوتـووە، ئـەوەی لـە دڵیـدا بـووە نەیشـاردووەتەوە و بـێ ڕتـووش گوتوویەتـی، لـە هەڵچوونێکی ڕاستگۆیانەدا قسـەکانی دڵ و هەست و بیرکردنـەوەی خـۆی درکانـدووە، ئیتـر (بڵـێ چـی)؟.

(٢٧) دوا دێـڕ نووسـیویەتی: (سـڵاو و ڕێـزم بـۆ کاک شـێرزاد حەسـەن)، جگە لە شـێرزاد حەسـەن، سـڵاوی بـۆ کەسـی دی نەنـاردووە، چونکـە دەیزانی نزیکتریـن کەسـە لێمـەوە، ئەوکاتـە لەگـەڵ شـێرزاد حەسـەن کـە پێکـەوە و لـە یـەک کاتـدا چووینـە شـاری سـلێمانی، ئـەو مامۆسـتای ئینگلیـزی و منیـش فەرمانبـەر لـە دەسـتەی گشـتیی کشـتوکاڵ و چاککردنـی کشـتوکاڵ، وردبینـی دارایـی- مدقـق مالی بـووم، پێکـەوەش لـە ئوتێـل کاوە کە لەسـەر شـەقامی کاوە بـوو، لـە ژوورێکدا دەژیایـن، دواتـر پێکـەوە ژوورێکمـان لـە ئوتێـل بابـان گـرت. یـادەوەری و قسـەی دیکەشـم لەسـەر ئـەو شـاعیرە زۆرە، لـە دەرفەتێکـدا باسـی ئەوانیـش دەکـەم.